# " بۆ ژوبین رازانی "

هاوڕێ!
تەتەر،
هەوڵی کۆستێکی هێنا...
ئەسروشت بروا ئەکا...
باڵای چلێ،
شکۆفەی گوڵێ،
ئاهی دڵێ،
بەبای قەدەر،
تێپەڕببێ و
بەسانایی هەڵبوەرێ!
هاوڕێ...
کە ئامۆیە،
مرۆڤ بۆ کۆستێ،
ئاورنگی دیدەی
باڵ ئەگرێ و
دڵۆپ دڵۆپ
لەسەر گەڵای بیرەوەری
ئازیزێکدا
لەنگەر ئەگرێ.
هاوڕێ " ژوبین "
ئەزانی!؟
کە تۆ ڕۆیشتی
بینایمان ئەشکی زۆری بۆ ڕشتی و
باڵەکانی موحیبەت
وکو شەمعێ
زەفەری پێ هینایین و
گەڵای خەندەمانی وەران

هاوڕێ
ئەبێ چاوەڕێی وەرزێ بین
پایزی
جەنراڵی وەرزەکان
یەخسیر بکاو
کرنوش بۆ،
بەهاری!
سیمای کۆچت بەرێ
هاوڕێ...
بۆ سەفەری ئەبەدی.
دیدەمان ئەکەیتە کانی ئەشك و
هێدی هێدی،
شەونمێ لەدایك ئەبێ
هەوێنی، ئەو شەونمە
نمە نمە!!
گوڵاو پرژێنە بۆنی.
هاوڕێ...
تا کانیاوی ئەشك لەچاوا نمان دا
بترازێ.
حیکمەتی گەورەیی ئەو یادە
بۆنی بەرائەت وموحیبەت
ئەگرێ.
هاوڕێ...
تا شەپۆلی یادکردنەوەت
شیلەی ڕۆحی لێ بچۆڕێ،
کەناری دنیایەکی باشتر
دەر ئەکەوێ...

فەرهاد سەلام
٢٠٠٢/٧/٩
لەندەن